



# ڕەنگی سوور لە جلی کوردیدا

گۆڤاری گوڵان بەردەوام بابەت لەسەرمۆدە و جلە کوردییەکان بڵاو دەکاتەوە، چونکە جلی کوردی بۆ خانمان، جوانییەکی دەگمەنی هەیە، دەکرێ گشت خانمان وەك پۆشاکێکی سەرنجڕاکێش لە بۆنە و ئاهەنگەکان بپۆشن لێرەدا باسی یەکێك لە مۆدە تازەکانی کراسی کوردی دەکەین، کە یەکێکە لەستایلی مۆدێرن، مەبەست لەوەش کاری جوانکاری بەسەر ستایلی پێشوو یان کلاسیکدا کراوە.

جوانییەکی دەگمەنی ئەو جلە، لە ڕەنگەکەیەتی، کە ڕەنگێکی سووری بەخۆوە گرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا بە نەخشێکی تایبەتەوە ئەو شێوازە یەکێك دەبێ لە مۆدە تازەکانی کراسە کوردییەکان، ئەم کراسەی لەوێنەکەدایە شێوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش لەخۆ دەگرێ.

# چۆنیەتی دانانی دیکۆری ژووری



دیکۆرەکانی ماڵ بەگشتی پێویستی بە گرنگیدان و ڕازاوەیی دەبێ، بۆیە خانمان وەك هەنگاوێك لە کارەکان ئاگادار بن و شێوەیەکی جوان و ناسکیش لەدیکۆری ماڵەکاندا بەدی بکەن، یەکێك لە بەشە گرنگەکانی لایەنەکانی ماڵ بریتییە لە ژووری نووستن، وەك شوێنێك بۆ پشوودان دەبێ بەوپەڕی ئارامی و هێمنی بێ، تەنانەت جوانی دیکۆرەکەش مەرجێکە بۆ ئەوەی دیکۆری گشتی ماڵەکە جوانتر بکات.

هەوڵبدەن ژووری نووستن بەجوانی و ڕازاوەیی ئامادە بکرێ، لە شوێنێکی کراوە و فراوان بێ، گشت کەرەستەکان بەپێ جوانی و گرنگی خۆی دابنرێ، بەبێ ئەوەی کەرەستەکان جیاوازیان هەبێ لەشێوەی دانان یان نەگونجاندنی نێوان کەرەستە و دیکۆری ئەو ژوورە، کار بکە لەپێناو فراوانی و بوونی پانتایی نێوان کەرەستەکان، قەرەباڵغی دروست نەبێ، بەم ڕێگەیە دەگەین بە دیکۆرێکی کراوە و ناسك بۆ ژووری نووستن، کە بەشێکی گرنگە لە جوانی و دیکۆری ماڵ.

# ستایلی تەسریحە بۆ قژی خاو



جوانی و رازاوەیی تەسریحەکان، زیاتر شێوەی خانمان جوانتر دەکەن، ئەمەش لەرێگەی دانانی یەکێك لە تەسریحە جوانەکان، بۆ جوانییەکی کراوە و ناسك، لێرەدا دەکرێ سوود لە قژی سەرح و رەنگ زەردەکان وەربگرین بۆ ئەوەی ستایلێکی جوان و رازاوە بێ لە جوانی قژ.



بەهۆی ئەوەی قژی سەرح کاتێك لە رەنگی زەرد دەبێ، شێوازی تەسریحەکان بە جوانی و کراوەیی لێوەیان دەردەکەوێ، تەنانەت دەبێتە مۆدەیەکی ناسك لە ستایلەکانی قژی خانمان، مەرج نییە چ جۆرە تەسریحەیەك بەکاردەهێنرێ بۆ قژ، گرنگ ئەوەیە تەسریحەیەك بێ لەگەڵ جوانی سەر و رووخسار بگونجێ، بەڵام جوانترین مۆدەکانی تەسریحە بۆ قژی زەرد، بریتییە لە بەستانی قژ بە شێوەیەکی سادە و جوان.

## نووستن





# قەشەنگی لە پێڵاوی خانمانی بووکدا

خانمانی بووك دەبێ بە گشت کەرەستەکان و پێداویستییەکان رازاوە و جوان بکرێن، ئەمەش گشت لایەنێکی پێویستە کاتێك کەرەستە و پۆشاك و ئێکسسواری بووك ئامادە دەکرێ، بۆیە دەکرێ سوود لە رێگەکانی دانان و گونجاندنی نێوان کەرەستەکان بەدی بکرێ. یەکێك لە سەرەکیترین پێدوایستییە سەرەکییەکان بریتییە لە (پێڵاو)ی خانمانی بووك.

لەگەڵ ئەوەی بەدڵلەی بووك دەپۆشرێ



لەلایەن خانمی بووك، شێوەی پێڵاو وەك ئێکسسوارێکی سەرەکی رۆڵی دەبێ لە دەرکەوتنی یان گونجاندنی لەگەڵ کراسی بووك، ئەمەش دەبێ مەرجی پێڵاوێکی جوان و رازاوەی هەبێ لەپێی بووك بۆ ئەوەی بەجوانی دەربکەوێ. یەکێك لەو پێڵاوانەی کە سەرنجراکێشە بریتییە لەجۆرێ کە: پاژنەکەی باریك و شێوەی پێشەوەی بەرەو خوارەوە هاتبێ، ئەمەش بۆ ئەوەی ناوقەدی بووك بەرەو پێشەوە نیشان بدات.






بەرپرسی فایلی رەنگاورەنگ: مەهدی حاجی ساڵح    بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :

Email: iwan_gardi@hotmail.com    Mobile: 07504679560

# منداڵی ئەندام پەرلەمان



وادیارە لەلای کەسایەتییە سیاسی و ئەندام پەرلەمانەکانی جیهان، منداڵ ئەوەندەی پۆست و کارەکانیان گرنگە، تەنانەت منداڵەکانیان لەگەڵ خۆیان دەهێننە ناو ژووری پەرلەمان، ئەوەی دەیبینن ئەندامێکی پەرلەمانی وڵاتی ئیتاڵیایە کە ناوی (لیزا ڕۆنزۆللی)یە، تەمەنی ٣٤ ساڵە و تەنیا ئەو منداڵەی هەیە.

وەکو لە وێنەکاندا دەبینن خەریکی دەربڕینی ڕاو بۆچوونەکانی خۆیەتی و لەلایەکی دیکەشەوە ئاگاداری منداڵەکەیەتی ئەوەیە دایکێکی باش!



# چەند دیمەنێک لە تیلەفریکی





کوردستان بە گشتی و شاری هەولێر بە تایبەتی، پێشکەوتنێکی گەورەی بینیوە لەم چەند ساڵەی ڕابردوو، یەکێك لەو هەنگاوە جوانانەی دانراوە بریتییە لە (تیلەفریك)، کە پێکهاتووە لە (٣٠) کابینە و بەردەوام بەدرێژایی نێوان

# کەی کاتی ئەوەیە!

کاتێك کەسەکان ئاگاداری خۆیان نابن، یان لەشوێنە گشتییەکان، کارە تایبەتـــەکان ئەنجام دەدەن، ئەوەی لەماڵەوە پێویســـتە کاری بۆ بکرێ، کەچی وادیارە ناودارانـــی جیهانیش لەکارە تایبەتەکان لەبەر چاوی زوومەکانی کامیرا، بەبێ ئەوەی ئاگادار بن، ئەو ئەرکە نهێنییە ئەنجام دەدەن، ئەوەی باســـی دەکەین بریتییە لە لووت پاککردنەوە، کە کارێکـــە دەبێ لە شـــوێنێکی چۆڵ و تەنیا ئەنجـــام بدرێ، کەچی هەریەکە لەشـــای بەریتانیا و وەزیـــرەی دەرەوەی ئەمریکا (هیلاری کلینتـــۆن) و کریســـتینا ئەگولێرای خانمە گۆرانیبێـــژ، لەبەرچاوی کامێراکان و لەشـــوێنە گشتییەکان بە کاری پاککردنەوەی ناولووتیان خەریکن دەکەن، سزاکەشی ئەو وێنانەیە کە دەیبینن.







## هەولێر



پارکی شـــانەدەر و پارکی منـــارە دەخوولێنەوە، بەڵام تەنیا کێشەیەکی هەیە، ئەویش کاتێك خەڵك سەردەکەوێ ناوەستێ و ئەمـــەش هەندێك جار دەبێتە حاڵەتی ترســـناك لەســـەر هاووڵاتیان.

## ماسی زێڕیش پەیدا بوو

کاتێك گیاندارەکان بەشـــێوەیەکی دیکەی جیاواز لەشـــێوەی خۆیان دەردەکەون، حاڵەتێکی تایبەت و ســـەیر دروســـت دەکەن، ئەمـــەش وادەکات ببێـــت بەیەکێ لە کارە جیـــاوازەکان، ئەوەی دەیبینن بریتییە لە ماســـی، بەڵام ماسییەك لە شێوەی ماسی ناچێ و بەبێ ئەوەی دەستکاری مرۆڤی لێوە بکرێ، رەنگێکی جوانی وەرگرتووە.

رەنگی ئەو ماســـییە بریتییە لە رەنگی زێڕی، کە رەنگێکی جوان و ناســـکی هەیە، کەســـیش نازانێ چـــۆن ئەو رەنگەی وەرگرتووە، ئایا کاتێ بووە بەم شێوەیە بووە، یان دواتر ئەو رەنگە بۆی دەرکەوتووە.



# جیاوازی وێنە!

**بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت لەماوەی (٢) خولەکدا چەند جیاوازییەك لەم دوو وێنەیە بدۆزەوە.**






## کراسێک لە قژ



دروســـت کردنی کەرەستە ســـەیرەکان دەبێتە یەکێك لە حاڵەتـــە جوانەکان، تەنانەت کەرەستەیەکی ســـەیر دەبێ لەبەرچاوی گشت کەسێك، ئەوەی دەیبینن کراســـێکە لـــە مـــووی قژی ئافرەتان دروســـت کراوە، ئەوەی ســـەیرە کە تەڵە مـــووی قژ بە ئاسانی نابەســـترێ، بۆیە ئەوەی ئـــەو کارەی کردووە، بیرۆکەیەکی جوانی بۆ داناوە.

## نوکتە

-کۆمەڵێـــک چـــەکل بـــە چایچییەکـــی دامـــاو فێربوون و پێی ڕادەبوێـــرن، ئەویـــش یەک لەســـەر یەک چای ناخۆشـــیان بۆ دادەنێت. ڕۆژێکیان پێی دەڵێن مامە گیان وەعد بێت ئیتر لەمەودوا بەهیچ شێوەیەک سەر ناکەینە سەرت و وەک باوکمان ســـەیرت دەکەین. ئەویش دەڵێ: وەڵا ئەگەر ئێوە وەعدەکەتان بەرنە ســـەر، منیش وەعدتان دەدەمێ کە لەمەودوا چڵکاو نەکەمە چاکانتانەوە..




**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

ماوەیەکە بیری کەسێکی خۆشەویستت ئەکەیت و ئاواتە خوازی بیبینت، لەوانەیە خۆی سەردانت بکات. چاوەڕوان بە ئەو کەسە هەواڵێکی خۆشت پێ دەڵێت و گەشبین دەبیت لەڕوانینت بۆ داهاتوو.




**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

بەهۆی ئەوەی خاوەنی قسەی خۆتی و قسەیەکت کرد پەشیمان نابیتەوە ئەمە بۆتە جێگای سەرنجی دەوروبەرت، ئارەزووی خوێندنەوەی کتێب دەکەی و زیاتر لەجاران بەختەوەر دەبیت.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

بیرکردنەوەت گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە و ئێستا بۆت ڕوون بۆتەوە هەندێك شتی گرنگ هەن پێویستە زیاتر بایەخیان پێ بدەی، کەسی بەرامبەر هێشتا تۆی لەیاد ماوە و ناتوانێت لەبیرت بکات.



**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**

بەرپرسیاریەتیت زیاتر دەبێت و بایەخی زیاترت پێدەدرێت، هەوڵی ئاشتبوونەوە بدە لەگەڵ کەسی بەرامبەر ناکرێت هەردووکتان چاوەڕوان بن، سەرەتا تۆ داوای لێبوردنی لێ بکە.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کۆتایی بە گرفتی نێوان خۆت و هاوڕێکەت بهێنیت و سەرەتایەکی نوێ لەپەیوەندی نێوانتان دەست پێ بکەنەوە، بۆ بەرژەوەندی هەردووکتان ئەم ڕێگایە هەڵبژێرە.




**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

پێویستە پەیوەندیەکانت بەهێز بکەی لەگەڵ هەموو ئەو هاوڕێیانەی لەشوێنی کارکردن بەیەکەوەن، ئامۆژگاری هەر کەسێك وەربگرە ئەگەر دەزانی تۆی خۆشدەوێت و لەبەرژەوەندیت قسە دەکات.

ئامادەکردنی: داریۆ






## ئاسـۆیی:

١- پایتەختی تەیمۆرلەنك (پ).
٢- ڕۆژنامەیەکی بەریتانییە(پ)- یاریزانێکی ئەڵمانیە(پ)
٣- نەخێر(پ)- لاق(ت)- کچە ئەکتەرێکی میسرییە.
٤- وەکو یەك- پەنجە- وەزارەتێکە- دوو پیتی فیز.
٥- دارێکە(پ) پیرۆ(ت).
٦- نغرۆ- ئامێرێکی ڕاوکردنە.
٧- دوعا- بۆ.
٨- دانیت(ت)- مانگێکی کۆچییە(پ).
٩- شاکارێکی شکبیرە(پ)- جۆرە گۆرانیەکە- چوار پیتی هیمالایە
١٠- سێ پیتی فوزی- دەرگا(پ).
١١- سێ پیتی جەزا- کچە گۆرانیبێژێکی کوردە خاوەن وێنەکە- سێ پیتی لیبی
١٢- ئامێرێکی دروێنەی کۆنە(پ)- بەهەردوو کیشوەر ئاسیا و ئەوروپا دەڵێن

## ستوونی:


١- پادشای مادەکان- ڕووبارێکە لە کوردستان
٢- پایتەختی چینی کۆن- چیایەکی کوردستان(پ)
٣- ژمارەیەکە (پ)- شاکارێکی لیۆناردۆ دافنشییە
٤- خەزێنە(پ)- سێ پیتیی جیاواز.
٥- خاوەنی نۆبلی ٢٠١٠ لە ئەدەب(پ).
٦- وتە(پ)- سەرکردەیەکی کوردە(پ).
٧- یاریزانێکی هەڵبژادەی نیجیریایە.
٨- چوار پیتی ڕانیە- بەرهەمێکی نەوتە.
٩- وەزیری بەرگری لە کۆماری مەهاباد.
١٠- وەکو یەك- لاواز(پ)- یاریزانێکی پورتوگالیە(پ).
١١- سەرۆك وەزیرانی سوید بوو تیرۆر کرا- دارێکە.
١٢- خاکی پێغەمبەران.

ئا: فەرهاد محەمەد ئاژگەیی

## بۆ زاخاوی مێشک



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..



ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**


- پیتی خانەکانی (١+٧+٨+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (کەرەستەیەکە بۆ داهێنانی قژ بەکاردەهێنرێ)
- پیتی خانەکانی (٣+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (بەشێکی سەرەکییە لەناو پاتری ئوتۆمبێل کە وزە دەبەخشێ)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٤) کۆبکەیتەوە بە مانای (جۆرێکە لە گوڵ)
- پیتی خانەکانی (٦+٧+٨) کۆ بکەیتەوە بە مانای (خواردنێکی ڕۆژانەیە و لە گشتماڵێك هەیە)!

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (جگەرخوێن ) بوو




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

لەگەڵ کەسی بەرامبەر ماوەیەکە پەیوەندی نێوانتان وەك جاران نییە و زۆر یەکترتان خۆش ناوێت، ئەگەر بەو شێوەیە بەردەوام بن ئەوا پەیوەندی نێوانتان بوونی نامێنێت.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

ئەوە بزانە چارەسەری ئەو گرفتەی ئێستا خەمی پێوە هەڵدەگری لەبەردەستی خۆت دایە نەك کەسێکی دیکە، پەلە مەکە لەبڕیاردان سەبارەت بە بابەتێکی گرنگ.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

هەوڵ بدە زیاتر نهێنی و بابەتی ژیانی تایبەتی لەگەڵ کەسی بەرامبەر باس بکەی ئەمە ڕێگایەکە بۆ بەهێزتر بوونی پەیوەندی نێوانتان، دەبێتە هۆی ئەوەی متمانەی بە تۆ زیاتر بێت.




**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

داوات لێدەکرێت بۆ بەشداریکردن لە کارێکی گرنگ یان پرۆژەیەك، باش بیری لێ بکەوە پێش ئەوەی بڕیاری بەشداریکردن یان ڕەتکردنەوە بدەی، کەسی بەرامبەر دەیەوێت زیاتر خۆشەویستی پێ ببەخشیت.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

هەندێك زانیاری نوێ دەزانیت دەربارەی هاوڕێیەکی زۆر نزیکت و چاوەڕوانی ئەمەت نەدەکرد، تەنها بە قسەی خۆت مەکە پێویستت بە سەرنجی کەسانی شارەزا هەیە لەو کارەی ماوەیەکە ئەنجامی دەدەی.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

زۆر جار هەندێ قسە دەکەی بەڵام نازانی کەسی بەرامبەر پێی خۆش نییە، ئەو زۆر گلەیی لێت هەیە و نایەوێت ڕەخنەت لێ بگرێت، دەستکەوتی دارایی گرنگ بەدەست دێنیت لەئایندەیەکی نزیکدا.

hemntoni@yahoo.com